# هەرکەسێک خێرێک بکات بە ئەندازەی خورمایەک کە بە ڕێگایەکی حەڵاڵ ئەم خورمایە بەدەستهێنابێت، وخودا تەنها خێری پاک قبوڵ دەکات، خوای گەورە بە دەستی ڕاستی ئەم خێرە قبوڵ دەکات وبۆ خاوەنەکەی زۆری دەکات، هەروەکو چۆن یەکێکتان ئەسپێکی بچووکی بەخێو دەکات هەتا وەکو شاخێکی لێدێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک خێرێک بکات بە ئەندازەی خورمایەک کە بە ڕێگایەکی حەڵاڵ ئەم خورمایەی بەدەستهێنابێت، وخودا تەنها خێری پاک قبوڵ دەکات، خوای گەورە بە دەستی ڕاستی ئەم خێرە قبوڵ دەکات وبۆ خاوەنەکەی زۆری دەکات، هەروەکو چۆن یەکێکتان ئەسپێکی بچووکی بەخێو دەکات هەتا وەکو شاخێکی لێدێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرکەسێک خێرێک بکات بە ئەندازەی خورمایەک کە پارەی کڕینی ئەم خورمایەی بە ڕێگایەکی حەڵاڵ بەدەستهێنابێت یان بە ڕێگایەکی حەڵاڵ خورماکەی بەرهەم هێنابێت، واتە شێوازی خاوەنداری بوونی ئەم خورمایە هیچ فێڵ وغەشێکی تێدا نەبێت، وخوای گەورە تەنها حەڵاڵی پاک قبوڵ دەکات، وخودا بە دەستی ڕاستی ئەم خێرە وەردەگرێت وئەمیش لەسەر واتا ئاشکراکەیەتی کە شایستە بێت بە شکۆداری پەروەرگار -سبحانه وتعالى- بە بێ لێکدانەوەی تر ولادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی، واتا مەبەست ئەوەیە ئەم خێرە وەردەگرێت وقبوڵی دەکات وبۆ ئەو کەسە زیادی دەکات هەروەکو چۆن کەسێک بێچوویەکی ئەسپ بەخێو دەکات هەتا گەورە دەبێت وەکو شاخێکی لێدێت لە گەورەیی وجوانی وخێریدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5862

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee